# ئەگەر خوای گەورە خێری بۆ پێشەوایەک (ئەمیرێک) بووێت؛ ئەوا وەزیری (ڕاوێژکاری) ڕاستگۆی (لە دەوروپشت) دەبێت، ئەگەر لە بیری بچێتەوە بە بیری دەهێننەوە، وئەگەر بیری هاتەوە یارمەتی دەدەن، وئەگەر خوای گەورە جگە لەوەی (جگە لە خێری) بۆی بوێت؛ ئەوا وەزیری (ڕاوێژکاری) خراپەکاری (لە دەوروپشت) دەبێت، ئەگەر لە بیری بچێتەوە بیری ناهێننەوە، وئەگەر بیری هاتەوە یارمەتی نادەن

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر خوای گەورە خێری بۆ فەرمانڕەوایەک (ئەمیرێک) بووێت؛ ئەوا وەزیری (ڕاوێژکاری) ڕاستگۆی (لە دەوروپشت) دەبێت، ئەگەر لە بیری بچێتەوە بە بیری دەهێننەوە، وئەگەر بیری هاتەوە یارمەتی دەدەن، وئەگەر خوای گەورە جگە لەوەی (جگە لە خێری) بۆی بوێت؛ ئەوا وەزیری (ڕاوێژکاری) خراپەکاری (لە دەوروپشت) دەبێت، ئەگەر لە بیری بچێتەوە بیری ناهێننەوە، وئەگەر بیری هاتەوە یارمەتی نادەن».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا ڕوونی دەکاتەوە: خوای گەورە (ئەگەر خێری بۆ فەرمانڕەوایەک -ئەمیرێک- بووێت): شیکراوەتەوە کە مەبەست لەم خێرە ئەوەیە کە ئەگەر وەزیرەکانی کەسانی ڕاستگۆ بن ئەوا ئەم فەرمانڕەوایە خودا سەرکەوتووی کردووە بۆ بەدەستهێنانی خێری دونیا ودواڕۆژ، وهەروەها ئەم خێرە ووتراوە لەوەیە مەبەست بەهەشت بێت. (ئەوا وەزیری -ڕاوێژکاری- ڕاستگۆی -لە دەوروپشت- دەبێت): واتا لە قسە وکردەوە، ولە نهێنی وئاشکرا، وبە ڕاستگۆ وەسفیانی کردووە چونکە بنچینەیە لە هاوڕێیەتی وزۆر شتی تریشدا. (ئەگەر لە بیری بچێتەوە): واتا ئەگەر ئەم فەرمانڕاوەیە شتێکی لە بیر بچێت لەو شتانەی کە پێویستی پێی هەیە -و لەبیرچوونیش سروشتی مرۆڤە-، یان حوکمێکی شەرعی نەزانی ولێی شاراوە بوو، یان دۆسیەی ستەملێکراوێک یان بەرژەوەندی میلەتی بە لاوە ڕوون نەبوو. ( بە بیری دەهێننەوە): واتا ئەم وەزیرە ڕاستگۆیان بە بیری دەهێننەوە وڕێنموێنی دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەوەی کە بەسوود ودروستە. (وئەگەر بیری هاتەوە یارمەتی دەدەن): واتا ئەگەر فەرمانڕەوانەکە بیری هاتەوە؛ ئەوا وەزیرەکان یارمەتی دەدەن بۆ جێبەجێ ئەوەی بەسوود ویەسەندە بە وتە وکردەوە. (وئەگەر خوای گەورە جگە لەوەی -جگە لە خێری- بۆی بوێت): واتا شەڕی بۆی بوێت بەهۆی خراپەکاری فەرمانڕەواکەوە. (ئەوا وەزیری -ڕاوێژکاری- خراپەکاری -لە دەوروپشت- دەبێت): واتا وەزیری خراپەکار لە وتە وکردەوەدا، وئەمیش پێچەوانەی وەزیرەکانی پێشوون. (ئەگەر لە بیری بچێتەوە): واتا ئەرکێک یان فەرمانێکی پێویستی لەبیر بچێت کە پێویستە جێبەجێ بکرێت. (بیری ناهێننەوە): چونکە ئەم وەزیرانە ئەوەندە نور وڕۆشنایی لە دڵیاندا نییە بۆ ئەوەی ڕێنموێنی فەرمانڕەواکە بکەن بۆ شتی بەسوود وچاک. (وئەگەر بیری هاتەوە یارمەتی نادەن): بەڵکو بەهۆی ئەوەی دڵی ئەم وەزیرانە پڕە لە ڕەشی وخراپە ئەگەر فەرمانڕەواکە خۆی شتێکی باشی بیرهاتەوە ئەوا ئەم وەزیرانە وایلێدەکەن کە دوور بکەوێتەوە لە ئەنجامدانی.